وتاربێژی مزگە‌وتی ئە‌بو حە‌نیفە‌: بینینی مانگی هیلالی ڕۆژی شە‌ممە‌ ڕون نە‌بوە‌تە‌وە‌ ‏



حە‌سە‌ن تە‌ها زانای باڵای ئە‌نجومە‌نی فیقهی عێراق و وتاربێژی مزگە‌وتی ئە‌بوحە‌نیفە‌ ئە‌مڕۆ دوشە‌ممە‌ دوپاتیکردە‌وە‌، بینینی مانگی هیلالی ڕۆژی شە‌ممە‌ ڕون نە‌بوە‌تە‌وە‌ و راشیگە‌یاند,, هیچ شتێکی دوفاقی لە‌ ئاییندا نییە□".

‏

‏حە‌سە‌ن تە‌ها لە‌ وتاری ئە‌مڕۆی جە‌ژنی ڕە‌مە‌زاندا رایگە‌یاند، "رە‌نگە‌ نە‌زانی و سە‌رسە‌ختی و بێبایە‌خیکردن بە‌ دە‌رئە‌نجامە‌کان پاڵ بە‌ هە‌ندێکە‌وە‌ بنێت بۆ قوڵبونە‌وە‌ لە‌ پرسە‌ ناجە‌وهە‌ریە‌کان، ئە‌مە‌ش دە‌بێتە□ هەۆی تێکچون و زیان تە‌نانە‌ت لە‌ عیبادە‌تیشدا".

‏

‏وتیشی، "ئە‌وە‌ی دۆخە‌کە‌ی تێکداوە‌ و سە‌رلێشێواوی لێکە‌وتوە‌تە‌وە‌، دە‌ستوە‌ردانی لایە‌نێکی سە‌ر بە‌ دە‌سە‌ڵات بوە‌ لە‌ بابە‌تە‌کانی دە‌رە‌وە‌ی دە‌سە‌ڵاتی خۆی، کە‌ وایکردوە‌ بابە‌تە‌کە‌ وا دە‌ربکە‌وێت وە‌ك پرسێکی سیاسییە‌ نە‌ك پرسێکی ئایینی".

‏ڕونیشیکردە‌وە‌، "بینینی مانگی هیلالی ڕۆژی شە‌ممە‌ ڕون نە‌بوە‌تە‌وە‌، بە‌و پێیە‌ی ئێوارە‌ی ڕۆژی شە‌ممە‌ هیچ هە‌واڵێکی پشتڕاستکردنە‌وە‌ی نە‌گە‌یشتوە‌تە‌ بە‌غدا و لە‌و کاتە‌دا کە‌س مانگی هیلالی نە‌بینیوە‌".

‏ئامازە□ی بە‌وە‌شکرد، "داب و نە‌ریتی لیژنە‌ی بینینی مانگ لە‌ بە‌غدا دوای خۆرئاوابون تا نوێژی عە‌سر چاوە‌ڕێی دە‌کە‌ن، هە‌ندێکجاریش لە‌ کاتی نوێژی تە‌راویحدا هە‌واڵ لە‌ ناوچە‌ دورە‌کانە‌وە‌ دە‌گات، تە‌کبیریش لە‌مزگە‌وتە‌کانە‌وە‌ دە‌کرێت، بە‌ڵام ئە‌وە‌ی ئە‌مجارە‌ ڕویدا کردە‌وە‌یە‌کی تاکە‌کە‌سی بو، پە‌لە‌ش کرا لە‌ راگە‌یاندنە‌کە‌دا".

‏حە‌سە‌ن تە‌ها ڕە‌خنە‌ی لە‌ ئیدارە‌ی دیوانی وە‌قفی سوننی گرت و وتی، "ئە‌نجامدانی کارە‌کانی وە‌قفی سوننی لە‌ ئاستی پێویستدا نە‌بوە‌، دە‌ستوە‌ردانی لە‌ بابە‌تە‌کانی دە‌رە‌وە‌ی دە‌سە‌ڵاتی ئیداریی خۆیدا کردوە‌ و نە‌یتوانیوە‌ وردبینی، بێلایە‌نی نیشان بدات، ئە‌مە‌ش بوە‌ هۆی دروستبونی کە‌شێکی پشێوی".

‏